HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین

ئاکامە مەترسیدارەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت

د.ڤیان سلێمان

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت کە دەمارگیری ڕەگەزی پاڵنەریەتی دیاردەیەکی جیهانییە و لە زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا، ئافرەتان لە نەتەوە و پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکان لە توێژ و چینە کۆمەڵایەتی و گشت ئاستەکانی تەمەن ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەوپێیەش یەکێکە لە بەربڵاوترین فۆرمەکانی توندوتیژی، بەدڵنیایشەوە دیاردەیەکی ترسناک و زیانهێنە، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر بەهای مرۆڤبوون و پێشێلکردنی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤە. هاوکات دوژمنێکی سەرسەختی گەشەسەندن و دیموکراتیزەبوون و پێشکەوتنی جڤاکییە.

ژیانێکی پارێزراو و پڕدڵنیایی، دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ، شکاندنی شکۆ و ژێردەستەیی مافی هەر مرۆڤێکە بەبێ جیاوازی لەسەر هیچ جۆرە بنەمایەک. توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت هەموو ئەو پێدراوە سروشتی و گەردوونیانە لە ئافرەت زەوت دەکات و دەیخاتە نێو بارێکی پڕ لە نادڵنیایی و ترس و شڵەژان و گۆشەگیری و دواکەوتن. توندوتیژی چەندین جۆری وەک فیزیکی، سایکۆلۆژی، سێکسی، ئابووری و هی تریشی هەیە و لە چەندین فۆرمدا خۆی دەنوێنێ. توندوتیژی جەستەیی وەک: لێدان و دەستدرێژی و خەتەنەکردن؛ دەروونی لە شێوەی: هەڕەشەلێکردن، بەنەفرەتکردن و نزملێڕوانین و تانە و تەشەرە یان بێبەشکردن لە ئازادییە کەسیی و مافە مەدەنی و ڕێگەنەدان بە چوونە دەرەوە بە پاساوی پارێزگاریکردن لە شەرەف. توندوتیژی ئابووری وەک ڕێگەنەدان بەکارکردن هەروەها دەستگرتن بەسەر مووچەی ئافرەت و ڕێگەنەدان بە ئازادانە بەکاربردنی. بەکارهێنانی هێز بەرامبەر ئافرەت بە ئامانجی ملکەچی پێکردن و گوێڕایەڵکردن و کۆنترۆڵکردنی، ئەمەش بە واتای شکاندنی ئیرادە و دەستەمۆکردن و لاوازکردن و دواکەوتنی. دەکرێت ئافرەت ڕووبەڕووی یەکێک یان زیاتر لەو جۆرانەی توندوتیژی ببێتەوە، ئەو جۆرانەش یەکتری بەهێز دەکەن و بەشێوەیەکی گشتیش کاریگەری نەرێنی دەخەنەسەر ئافرەت و هاوسەنگی کۆمەڵایەتیش لە نێوان هەردوو ڕەگەز زیاتر لاسەنگ دەکەن، بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دادەنێن.

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت ڕەگێکی قووڵی مێژوویی و زادەی هزرو دیدی پیاوسالارییە کە لەسەر بنەمای نابەرابەری پارسەنگی هێزی جەستە لە نێوان هەردوو توخمی مرۆڤ و باڵادەستبوونی پیاو لەو هاوکێشەی هێزەدا.، بنیات نراوە. بەم پێیە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و دروستبوونی شارستانییەت ئەم دیدە خزایەوە نێو تەواوی ڕەهەندە فکری، کولتوری، ئابووری، ئایینی و سیاسی کۆمەڵگای مرۆڤەوە و ئیتر بوو بە شێکی دانەبڕاو لە تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە پەیوەندی نێوان هەر دوو مرۆڤ و ئەرک و ڕۆلیان بەرامبەر بە یەکتر لە ناو ژیانی خێزانی و ژیانی جڤاکی؛ کە بێبەشکردنی پیاو لە باوەشی خێزان و بێبەشکردنی ئافرەت لە ئامادەیی و باوەشی جڤاک لە سیما دیارەکانێتی. بۆیە لە پرۆسەی چارەسەریدا دەبێ لەسەر تێگەیشتنی هەر دوو ڕەگەز و لەسەر عقڵی گشتی کۆمەڵگا دا کار بکرێت سەبارەت بە چەمکی هێز لە نێو پەیوەندی هەر دوو نێر و مێی توخمی مرۆڤ کە لە پێناو دورستکردنی وابەستیی و هاوبەشی تەواوکاری و هاوسەنگانەی هەر دووکیانە بۆ بەردەوامی ژیان نەک دەسەڵاتداری نێر و بێدەسەڵاتی مێ. بەڵام لەبەر ئەوەی توندوتیژی خێزانی بەرامبەر ئافرەت بە دەستی پیاوی خێزان : هاوسەر، باوک و برا ئەنجام دەدرێت . دەبێت سەرەتا لە پیاودا بە شوێن چارەسەری توندوتیژییەوە بین، ئەویش بە هۆشیارکردنەوەی پیاو سەبارەت بە مەترسی و نامۆڕاڵی و قێزەونی و تاوانکاری ئەو کردەیە و ئاسەوار و لێکەوتە پڕ زیانەکانی، لەلایەکی دیکەش هەنگاوێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بێدەنگ نەبوونە لە ئاستیدا لەلایەن ئافرەتەوە، ڕەتکردنەوە و سازشنەکردنە لەگەڵ بکەرانی.

هەندێ جار وەرگرتنی توندوتیژییەکان وەک کردەیەکی ئاسایی و ڕێگەپێدراو، ئەمەش لە ڕوانگەی باوەڕهێنانی خودی ئافرەت لە ئەنجامی پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە پلەدوویی و سەرداری پیاو یاخود بێدەنگی لە ئەنجامی وابەستەیی ئابووری و ترسی لەدەستدانی منداڵ و بژێوی و شوێنی نیشتەجێبوون، یاخود وابەستەیی بە دابونەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە ترسی پاراستنی ناوبانگی خێزان. هۆکاری دیکەش وەک نەبوونی هۆشیاری یاسایی و هۆشیاری سەبارەت بە مافەکان.

> **توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت هەموو ئەو پێدراوە سروشتی و گەردوونیانە لە ئافرەت زەوت دەکات و دەیخاتە نێو بارێکی پڕ لە نادڵنیایی و ترس و شڵەژان و گۆشەگیری و دواکەوتن**

بە شێوەیەکی گشتی باشترین میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە ئافرەت بە تایبەتی، ڕێگریکردنە لێی، بەرلەدایکبوون و بەکرداربوونی و هەروەها ڕێگریکردن لە ڕەخساندنی زەمینە و ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی و پلەبەندی لەسەر بنەمای هێزی جەستە بۆ بەررژەوەندی پیاو و لەبەر چاو نەگرتنی هەردوو هێزی عەقڵ و هێزی ڕووحی کە ئافرەت و پیاو تیادا هاوسەنگن، بە تایبەتیش لەو کەناڵ و ڕێوشوێنانەی کە کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی هەیە. لەگەڵ ئەوەش گرتنەبەری پرۆگرامی هۆشیاری سەبارەت بە ترسناکی ئەم دیاردەیە و لێکەوتە نەرێنییەکانی بە تایبەتی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بوونی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پرسی ئافرەت. لەلایەکی دیکەش دەرکردنی یاسای توند و جێبەجێکردنی سزای یاسایی دەرهەق بە ئەنجامدەرانی توندوتیژیی؛هەروەها پێداچوونەوە بە میکانیزمی پڕکردنەوەی بەڵێننامە لە ڕادەستکردنەوەی قوربانیانی توندوتیژی بە کەسوکار و پێشکەشکردنی پشتیوانی زیاتر بە ڕزگاربووان لە توندوتیژی؛ لە دوبارە بارهێنانەوە و دابینکردنی دەرماڵەی مەترسی وەک دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ڕادەستنەکردنەوە بە کەسوکار و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی پارێزراو. هەموو ئەمانە و کارکردن بۆ گۆڕینی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتیانەی لە تێگەیشتنی گشتی و بەتایبەت لە تێگەیشتنی پیاودا ڕەوایەتی بە توندوتیژی دەدەن بەرامبەر ئافرەت بە پاساوی پاراستنی شەرەفی خێزان و پابەندی بە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان.

ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەدا

تریفە مەحمود

ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بە کەسێکی لاواز دەبیندرێت، پێیانوایە کە دەبێت کەسانی تر بڕیار لەسەر ژیانی بدەن و ئاگادارییبن. یەکێک لەوانەی کە ئافرەتی کورد بەشێکیان لێی بێبەشبوون خوێندنە،بەشێک لە ئافرەتانی ئێمە نەخوێندەوارن، بەبۆنەی ئەوەی کە هەر لە تەمەنێکی بچوکدا بەبێ خواستی خۆیان هاوسەرگیریان پێکراوە و خراونەتە ژێر ئەرک و کارێکی زۆر کە زیاتربووە لە تەمەنیان.

بەپێی ئەو نەریتە کۆنەی کە لەناو کۆمەڵگەکەماندا باوبووە ئافرەت ئەرکی هەبووە و مافی نەبوە، پێیانوابوە کە ئەرکی ئافرەت تەنها ئیشی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ و خزمەتکردنی هاوسەرەکەیەتی، نابێت هیچ ڕایەکی هەبێت، دەبێت تەنها فەرمان جێبەجێبکات و هیچ دەربڕین و نارەزاییەکی نەبێت، لەکاتێکدا کە ئافرەتیش بەهەمان شێوەی پیاوان ئەرک و مافی هەیە و دەتوانێت بەشداربێت لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی وڵاتدا، ئافرەتانیش ئامانج و خەونیان هەیە و دەتوانن هەوڵی بۆ بدەن و مافی خۆیانە کە بگەن بە خەون و ئامانجەکانیان .هەرچەندە ئێستا بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکەمان تێگەیشتوون کە ئافرەت لاواز نیە و خۆی دەتوانێت بڕیار لەسەر ژیانی خۆیبدات و ئەمیش مافی هەیە، وە خوێندن مافی ئافرەتیشەو دەتوانیت ئامانجی هەبێت، دەتوانێت ڕاوبۆچونی جیاوازی هەبێت و دەتوانێت ببێت بەوەی کە خۆی دەیەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەن کە تا ئێستاش ئافرەتیان پێ لاوازە و پێیانوایە کە توانای هیچ شتێکی نیە و تەنانەت ناتوانێت خۆی بڕیار لەسەر ژیانی خۆی بدات و ناتوانێت خۆی بپارێزێ و ناتوانیت ئامانجی هەبێت چونکە کەسی لاواز توانای گەشتن بە ئامانجی نیە .هەر بۆیە ئافرەت دەبێت دەنگ هەڵببڕێ و داوای مافی خۆی بکات و بڵێت کە من لاواز نیم و دەتوانم بڕیاری ژیانی خۆم بەدەستی خۆم بێت و خەون و ئامانجم هەیە وەتوانام هەیە، بڵێت منیش دەمەوێت بەشێکبم لە بەرەوپێشچونی وڵات و نیشتمانم. سور بێت لەسەر بڕیارەکانی چونکە ئافرەت تا بێدەنگ بێت و خۆی بەلاواز بزانێت و نەتوانێت هەستەکانی خۆی دەربببرێت و نەتوانێت داوای مافی خۆی بکات وە بێ خەون و بێ ئامانج بێت، ئەوا لەلایەن کۆمەڵگەشەوە بە لاواز و بێ توانا تەماشا دەکرێت .

دەسەڵاتی سفر

خانزاد سەعدی عەلی*

دەســـەڵاتی سفر: ئەو دەسەڵاتەیە کە بەپێی یاســـا و دەستوور، عورف و عادەت، فەرهەنـــگ و کلتوور، زمان و ئەدەبیات هیچ دەســـەڵاتێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام لە واقیعدا دەســـەڵاتێکی ڕەهـــا و کاریگەری هەیە و زۆر جار لە ســـەرووی هەموو دەسەڵاتەکانە.

لـــە دوای پێشـــکەوتنی تەکنۆلۆجیا و گەیشـــتنی ئینتەرنێت و شـــەپۆلی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کوردستان؛ "دەسەڵاتی سفر" لەسەر دەستی کۆمەڵە گەنجێکی (نەزان و بێسەواد، بێ بڕوانامە و عیلم و مەعریفە، بێ بیرۆکە و پلان، بێ دیدگە و ئامانج) لەنێو کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتیی پیاوســـالاری سەرمایەدار دروست بوو، ئەو کۆمەڵە گەنجە لەژێر ناوی "مۆدێل، شـــاجوان، فاشن و مێیکئەپ ئارتست، کارساز/ بزنسکار، بێژەر، ڕۆژنامەوان، هونەرمەند و...) دوور لە تایتل و کارە سەرەکییەکە؛ تەنهـــا خەریکی نمایشـــکردنی روخســـار و بازرگانیکردن بە جەســـتە و پڕکردنی بە بۆتۆکس و فیلەر و دەیان نەشـــتەرگەری جوانکاری و پێشـــبڕکێکردن لەســـەر گرانبەهاترین لەشولار و کێ زۆرترین پارەی پێدەدا؛ لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵەکانی تیڤی ناوخۆ و ئاســـمانی و کەناڵی تایبـــەت لە یوتیوب و هۆیەکانی دیکـــەی گەیاندن و بڵاوکردنەوە؛ خۆیان خزاندە نێو هەموو ماڵێکی کوردســـتان و دەرەوەش بەبێ ئەوەی هیچ لە یاســـاو ڕێسای ئەو کارانە و چۆنییەتی بەکارهێنانی لە ڕێگەی تەکنۆلۆجیای ســـەردەم و سۆشـــیەڵ میدیا ڕەچاوبکەن. بە کورتی، بە شـــێوەیەکی هەڕەمەکی و چاولێکاری دروستبوون و پشکی شێریش بەبەر کچان و ژنان کەوت.

هۆکاری دروســـتبوونی "دەسەڵاتی سفر" لە کوردستان و عێراق و چەند وڵاتێکی هاوشـــێوەی دەوروبەر لەلایەن ئەو نوخبە ســـەقەت و سەرلێشـــێواوە، دەگەڕێتەوە بـــۆ هەبوونی دەســـەڵاتێکی گەندەڵ و نا سیســـتماتیک، حوکمڕانییەکی پەرتەوازە و فـــرە حزبی ناکۆک، تێکەڵبوون و تەداخولی دەســـەڵاتەکان بەیەکتری، نەبوونی یەکســـانی و دادپەروەریی، نەبوونی یاســـایەکی تایبەت بـــە ڕێگریکردن بەو جۆرە کارانە، قەیرانی دارایی و سیاســـی، شـــەڕ و ناکۆکییە ناوخۆیـــی و دەرەکییەکان، خراپیی سیســـتمی پەروەردە، نەبوونی هەلی کار، نا هۆشیاری خێزان و کۆمەڵگە، کاڵبوونەوەی پەیوەندیی خێزان و لێکترازان، بێ سانســـۆری و بەربڵاوی ئینتەرنێت و هۆیەکانی گەیاندن، زۆربوونی باندەکانی لەشفرۆشـــی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ، زۆربوونی یانەی شـــەوانە و کازینـــۆ و باڕەکان بە نهێنی و ئاشـــکرا، فراوانبوونی بازاڕ و زۆربوونی کاڵای بازرگانی، زۆربوونی ســـەنتەر و کلینیکی نەشـــتەرگەری و جوانکاری، لە هەمووشیان زیاتر حەز و ویستی ئەو نوخبەیە بە دەسەڵات و ناوبانگ و دەوڵەمەندبوون بە ماوەیەکی کورت و بێ ماندووبوون.

لە ئەنجامدا ئەو کچ و ژنانە وەکو نێچیر دەکەونە تۆڕی زۆرێک لەو سەرمایەدار و سیاســـییە نێرانـــەی کە بۆ مەرامـــی بازرگانیکردن بە ژنـــان و تێرکردنی حەز و غەریزەکانیان ئەو ئافرەتانە ئیســـتیغلال دەکەن و بە ماوەیەکی کورت و لەبەرانبەر پارەیەکـــی زۆر و گەیشـــتن بە ئاواتەکانیان؛ دەیانکەنـــە کۆیلەی خۆیان و جگە لە نامۆبـــوون و دوورکەوتنەوەی ئـــەو ئافرەتانە لە خانەوادە و ژیانێکی ئاســـوودە و لەدەستدانی شکۆ و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤ؛ هەندێک جار بزردەبن یان بە تراژیدیا لەناو دەچـــن، یاخود باجی ئەو ناوبانگ و دەوڵەمەندبوون و جەستەفرۆشـــتنە بە قورســـی دەدەنەوە و دەبنە قوربانی هەمیشـــەیی ئەو پیاوانە! بەڵام قازانجی هەرە گـــەورەی زۆربەی ئەو کچ و ژنانە ئەوەیە کە دەتوانن ئەو پیاوانە کۆنترۆڵ بکەن و ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت لەســـەر بەرزترین ئاســـتی دەسەڵات و بڕیاردان، هەروەها دەستێکی باڵایان هەیە لە شێواندنی بزاڤی ئازادی و یەکسانی ژنان و لەکەدارکردنی ئافرەتانی کوردستان بە گشتی.

ئەو جۆرە دەسەڵاتەی ئەو کچ و ژنانە ناودەنێم "دەسەڵاتی سفر" چونکە زۆرجار لە دەســـەڵاتی یەکەم تاکو پێنجەمیش بەهێزتر و بەربڵاوترە، لە کاتێکدا بە فەرمی بوونـــی نییـــە و لە واقیعدا بوونی هەیـــە و زۆریش کاریگەرە. ژمارەی "ســـفر"یش دووســـەرەیە، ئەگەر لەپێش ژمارە دابنـــرێ؛ ژمارەکە زۆر زیاد دەکات ئەگەریش لە پشـــتی ژمارە دابنرێ؛ هیچ بەهای نابێ، هەروەها سفر لەگەڵ هەر ژمارەیەکی دیکە کۆبکرێتەوە ژمارەکە وەک خـــۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر جارانی هەر ژمارەیەک بکرێ، ژمارەکەش لەگەڵ خۆی دەکاتەوە بە سفر.

*** شارەزا لە میدیا و جێندەر**

دیاردا چاڤلیکرنــی ل روژهە لاتــ

چاڤلێکرن وەک دیاردەیەکا بەربەلاڤ دهێتە ڤەکولین د کومەڵناسی و دەروونناسیێ دا. ئەڤ دیاردە ب گشتی ل ڕوژهەلاتا ناڤین و ب تایبەت ل وەلاتێ مە ب پێشکەفتنا تەکنەلۆژیا و ســـاناهی بدەســـت ڤە ئینانا ئالاڤێن وێ بـــەرەڤ دیاردەیەکا ڕوژانە و بەربەڵاڤ دچیت. بو زانینا ڤـــێ دیـــاردێ و چەوانیا بـــەرێ خوەدانێ مـــە بوچونا ڤەکولەرەکێ جڤاکی و قوتابیەکێ وەرگرت وەرگرت:

ڤەکولـــەرێ جڤاکـــی عبدالجبار عبدالرحمـــن دەربارەی چاڤلێکرنـــێ د نـــاڤ جڤاکـــی دا و ئەگەرێن وێ ب ڤی شێوەیی ڕونکرنێ ددت:

چاڤلێکرن دیاردەکا شارســـتانی یا ساخلە مە مرۆڤ برێـــکا چاڤلێکرنێ پێـــش دکە ڤیت، دەمـــی گهورینێن جڤاکـــی رویدەن وەک زانایـــێ جڤاکی یێ ئیراقی دکتور علی الوردی دبێژت نە موخلە ک دەســـتی مە دایە بتنی بهێلن دیاردێن شـــرین بیـــن ودیاردێن تە حل نە هین . دەمی جڤاک دهێت گـهورین باشـــی وخرابی دگەل هیک دهێـــن نموونە خە لکی مە هە یە پاقژییێ رادگرت وهەیە دیاردین نە جوان وچاڤلێکرنیین خراب دەڤ هە نە، ڤیجا چ ســـنێلە بیت هندەک رەفتارێـــن خراب بکە ت یان مە زن بیـــت دکانە کی ڤە کە ت چاڤ ل جیرانی خوە بکە ت و چ ژ کاری دکانـــی نزانت ودوماهیک زیانین ئابوری ڤێ کەڤن.

وە ک مـــە گوتی چاڤلێکرن دیاردەکا ســـاخلەمە بلا ئـــەم بهێلن گە نجێن مـــە چاڤلیکرن هەبیت بەلی ئەڤ چاڤلێکرن یا ئەرینی بیت و لدویڤ حە ز وشـــیانیین وی گە نجی بن، دبیت هنـــدەک جارا ئەڤ حەزە نە لدویڤ دلی بابی بیت، دیاردە ب گشتی ئەم دشێن بکە ین سی جور ئیک دیاردین بـــاش وئەنجامێن باش هەنە دیاردین بێ مفا بەلێ زیان نینە یان زیانەک کیم هە یە ودیاردین دبن گە ڤ ل ســـەر کومەلگەهی وجڤاکی وخێزانی و کە سی دڤێت ژ ڤی جوری هشیار بن نموونە وەک چاڤلیکرن بگە هیت گروپەکی تیرورســـتی یان هندەک کارێن گونە هکاری ئەنجامدەت...

رولی رەوشـــەنبیرا وتە خا بژارە ئەوە بەرێ گە نجان بدەن دیاردین ســـاخلەم دناڤ جڤاکی دا وەک رێزگرتن ل دەمی،پلانێن کاری هەبـــن، ژیانا خوە دا کارێن باش ئەنجـــام دەت وەک مـــە گوتی ئەگـــەر چ کارا نە کە ت وەرزشـــی بکە ت شـــیانینن خوە یت میشکی ولە شی بێشـــبیخت، خوە فیری هنـــدەک پروگرامین نوی بکەت وخـــوە فیری زمانەکی نـــوی بکە ت تایبـــەت زمانینن جیرانیین مـــە یان زمانیین جیهانی. هە روەســـا رولی رەوشـــەنبیرا دیارکرنا ئاستی جڤاکین جیهانی ونوکە د چ قوناغدا دەرباز دبن، هە روەسا هشیارکرنا جڤاکی یە.

قوتابی لاڤین حسێن بوچونا خوە دەربارەی چاڤلێکرنێ دیار دکت ب ڤی ڕەنکی:

سودەکانی خوێنـــــــدنەوە بۆ منداڵ

یەکێک لە سوودە دیارەکانی خوێندنەوە فێربوونی زمان و باشبوونی ئاستی قسەکردن و
ەیشتنی منداڵە بۆ زمانێکی دیکە، بێگومان ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هەوڵبدات بە زمانێکی دیکە
ب بخوێنێتەوە. کاریگەری لەسەر داهاتووی هەیە لەڕووی پیشەیی یان خوێندن و ئەرکەکانیەوە،
چونکە جۆرەها زانیاری وەردەگرێت لە بواری جیاواز و سوودی لێ دەبینێت بۆ ژیانی ڕۆژانە

هەمــوو مرۆڤیک بۆ گەشــەدان بە توانا هزرییەکانی پێویستی بە خوێندنەوە هەیە کە بەردەوام وای لێدەکات تێگەیشتنی بۆ گۆرانکاری و پێشــهاتەکان فراوانتربێت. خوێندنــەوە کاتێک بەرهەمــی هەیە کە خوێنەر لە تەمەنێکی زووەوە دەســت بــکات بــە خوێندنــەوە بێگومان باشــترین قۆناغیش تەمەنی منالّیە کە دەبێت دایــک و باوک هەر زوو ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ و منالّەکانیان فێری خوێندنەوە بکــەن، ڕۆژانە هەوڵبدەن منداڵەکانیان فێر بکەن با کاتێک تەرخان بکــەن بۆ خوێندنەوە. ســەرەتا دەتوانن فێــری خوێندنەوەی بابەتــی منداڵانەیان بکــەن، دواتر ئەگەر بتوانن جگە لەزمانی خۆی بەزمانێکــی دیکە کتێب بخوێننەوە ئــەوا دەبێتــە باشــترین یارمەتیدەر بۆ چالاکبوونی مێشک و تێگەشتن.

دۆزینــەوەی پەرتووکی گونجاو بەپێی تەمەنەکانــی منــداڵ، ڕێگەیەکە بۆ باش پێگەیاندنی منداڵ کە پێگەیانــدن و تێگەیاندنــی منــداڵ بەئاراســتەیەکی دروســت لەداهاتــوودا نووســەرو خوێنەرێکی بەتوانا و باشیان لێ بەرهەم دێت.

یەکێــک لــە ســوودە دیارەکانــی خوێندنەوە فێربوونی زمان و باشــبوونی ئاستی قسەکردن و تێگەیشتنی منداڵە بۆ زمانێکی دیکە، بێگومان ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هەوڵبدات بە زمانێکی دیکە کتێب بخوێنێتەوە. کاریگەری لەسەر داهاتووی هەیە لەڕووی پیشــەیی یــان خوێندن و ئەرکەکانیەوە، چونکــە جۆرەها زانیاری وەردەگرێت لە بواری جیاواز و ســوودی لێ دەبینێت بۆ ژیانــی ڕۆژانە، هەروەها لــەڕووی ئەکادیمیەوە ئاســتی زیرەکی منداڵ بەهۆی خوێندنەوە بەرز دەبێتەوە و وادەکات ئەنجامێکی باشتریان لە خوێندن هەبێت.

خوێندنــەوەی فاکتەرێکی ســەرەکیە بــۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کەســایەتی کــە پەیوەندییەکــی گرنگــە لەژیانــی کۆمەڵایەتیــدا، فێــری متمانەپێکــردن، بەرپرسیارێتی، هاوکاریکردن و لێبوردەیی دەکات، لــە هەمانکاتدا منداڵ فێر دەبێت چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەو کێشە و گرفتانەدا بکات کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و لەگەڵ تێپەربوونی ژیانیشــدا فێری شتی زیاتــر دەبن و ڕێنمایــی دەکات کە چۆن لەکاتــی ڕووداوەکاندا بەئاســانی لەگەڵ بــاری کۆمەڵایەتیدا خۆیــان بگونجێنن و بەســەرکەوتوویی بەســەریاندا زاڵ بێت. کتێب خوێندنەوە منــداڵ بەرەو جیهانی زانیاری و فێربــوون دەبات، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی باشتر ئەزموونی ژیان بکات.

ـــا ناڤین

چاڤلێکــرن دیاردەکا بەربەلاڤە نە بتنێ د ناڤ مللەتێ مە دا بەلکی ل ســەر ئاســتێ ڕوژهەلاتــا ناڤین ژی. ئــەڤ دیاردە بەرەڤ دیاردەیەکا ڕوژانە دچت، ل ڤێرێ دێ بەحس ژ مللەتێ مە کم هەر تشــتەکێ بهێت گوتن یان دیتن دێ ناڤ کن ب مودێل بێی کو هزر ل هندێ بکن ئەو تشــتە چیــە یان چەوانە دێ بجهـ ئینن . بو نموونە دێ مارکەک نوی یــا تەلەفونێ هێت بەرهەم ئینان مللەتێ مە دێ بت ئێکەم مللەت ڤێ مارکێ بکڕن و دێ بــت مودێل بو ترومبێــل و جل و بەرگا ژی هەمان تشت.

دشێم بێژم چاڤلێکرن مێشکێ خەلکێ یێ شیشتی و کاریگەریەکا خراب لسەر مە کریە ل ڤی دەمی ئەگەر تە نرومبێل یان خانی تە نەبت و جلکێن تــە ژ مارکێن ناڤ و دەنگ نەبت وەســا تە پێناســە دکن ب کەسەک پاشــکەفتی. بێی کــو بزانن ئەڤ تشــتە لگەل جڤاکــی دگونجت یان نــە. د هەمان دەم دا ئەگــەر چاڤلێکــرن بو دیاردێن باش بت دبت ئەگەرێ پێشــکەفتنێ، ب خواندنێ ئاڤاکرنا مللەتــی پێگەهاندنا تەخا گەنجان و دابینکرنا تەکنەلۆژیایێ. یا پێتڤی لســەر ڕێکخراوێــن مەدەنی و سوشــیال میدیایێ و ڕاگەهاندنــێ خولێن ڕەوشــەنبیری بهێنە ڤەکرن و پێشکێشکرن دا کو مێشکێ خەلکێ پاقــژ ببت و دویر بت ژ ڕەفتارێن خراب. ب تایبەت تەخا گەنجان چونکی مللەت و وەلات دهێتە ئاڤاکرن ب دەستێ گەنجان.

شەیما مستەفا

هەیفا محمد ئێکەم ڕاهێنەرا ئافرەت بو شوفێریێ ب باوەری ب شیانێن خوە سەرکەفتیە

هەیفــا محمد ئێکەم ئافرەتە ل ســەر ئاستێ پارێزگەها دهوکێ ڕاهێنەرا شــوفێریێ بت و شیا بیت ببیتە ڕاهێنەر و هەروەســا شــیایە مولەتا هاژوتنا ترومبێلێن بارهەلگر ب دەســت خوە ڤە بینت. دەبارەی پرسیارێن مە ئەڤ بەرسڤە دان.

ل ســالا ٢٠١٥ێ من دەست ب ڤی کاری کر، د وی دەمی دا نڤێسینگەهەکا فێرکرنا شوفێریێ داخاز ژ من کر ببم ڕاهێنەر لگەل وانا، ل دویڤدا ئەزمون هاتە کرن و من شــیا ب ســەرکەڤم، ل دەســتپێکێ گەلەک ئاریشــە بو من پەیدا بوون کو باوەری ب شــیانێن من نەبوون، هەم ژ لایێ جڤاکــی ڤە و هــەم ژ لایێ ڕێڤەبەریــا هاتن و چوونێ ڤە.

روژ بو ڕوژ ناڤێ من بەربەلاڤ بوو و ژ دەرڤەی دهوکێ ژی د هاتن دا کــو فێرێ ترومبێلێ ببن ژ لایێ من ڤە.تا نوکە نزیکی ٢٠٠٠ کەســان من فێــرێ ترومبێلێ کرینە. و ئــەز هاتیمە خەلات کــرن ژ لایێ ڕێڤەبەریا هاتن و چوونێ و ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ ڤە.

قوتابیــەکا من لگەل من هەڤــکارە بو کارێ فێرکرنا شوفێریێ. بێگومان ئەڤە ژێ پێنگاڤەک بــاش و د جهــێ خوە دا بی ژ بــەر کو گەلەک ئافــرەت هەنە ناخوازن ژ لایێ زەلامان ڤە بهێنە فێرکرن بو شوفێریێ.

هێلین میدیا

هەولێر ژمارە (٣٣٩٢) ٢٠٢٠/١٢/٢١

لە هێلینەوە

– لە شـاری هەڵەبجە بۆ یەکەم جار کچێک بە ناوی"ئامینە ئەحمەد "دەبێتە شـۆفێری تاکسـی و شانازی بە پیشـەکەی خۆیەوە دەکات،"ئامینە " بە هۆی پرۆژەیەک کە چوار رێکخراوی جیهانی لە هەلەبجە کردوویانەتەوە سـوودمەند بووە بە وەی کە بیر لە کارێکی سـەربەخۆ بکاتەوە،ئێسـتا خـاوەن کاری سەربەخۆی خۆیەتی کە پرۆژەیەکی تاکسیە لە شاری هەڵەبجە..

–"گیتانلـی راو"، کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵی خەڵکی ئەمەریکا، بـە داهێنانێکی نوێ لە گۆڤـاری تایمـزی ئەمەریکی وەک مندالّی سـاڵ بۆ سـاڵی ٢٠٢٠ هەڵبژێردرا، ئەو کچە داهێنەرە ئامێرێکی دروسـتکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیسـبوونەوەی ئاوی خواردنـەوە و ئالودەبوون، "گیتانلی" دەڵێ :بەو داهێنانە ویستوومە کارێکی ئەرێنی بۆ کۆمەڵگە بکەم و خۆشی و زەردەخەنە بخەمە سەر روخسـاری خەڵک و کۆمەڵگە،ئەوەش ئامانجی هەموو رۆژێکی منە.

– بـە پێی راپۆرتی بەشـی نێودەوڵەتی سـایتی هەواڵـی "مهم" وڵاتی " سـعودیە " ئەپلیکەیشـنێک دروسـت دەکات کـە تایبەتە بە پۆلیسـی ئـەو وڵاتە و وا بڕیارە بخرێتـە بەردەسـت میلیونـان ئافرەتـی سـعودی و بیانی دانیشـتووی ئـەو وڵاتە، بـۆ رێگریکـردن لـە دەسـتدرێژی کردن بۆ سـەر ئافرەتـان کە لەو وڵاتـە روو لە زیادبووندایە. بەم شێوەیە ئافرەتان دەتوانن لە کاتـی رووبەرووبوونەوەیان بەرامبەر هەر دەسـتدرێژییەک لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکەنەوە

–"ئایان پرێسـلی" ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانانی شاری بۆستن لە ئەمەریکا دەڵێ: زۆر گرنگـە پێش ئەوەی بیـر بکەینەوە کە چۆن خانمان دەبنە کەسـێکی سەرکەوتوو، بێیـن و بە تێـر و تەسـەلی قۆناغەکانی ژیانی کچانمان شـی بکەینەوە و بە تەواوی شـارەزای ئـەو قۆناغە راگوازییـە بین کە کچ تێیدا پـەروەردە دەبێت، چونکە کچانی شەکەت و تێکشکاو خانمی تێکشکاویان لێ دەردەچێت.

– رێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لەراپۆرتێکدا پێناسەی دەستدرێژی سێکسی بۆ سـەر ئافرەتان بەم شـێوەیە پێناسـە دەکات :" "بەشـداریکردن لـە پەیوەنـدی سێکسـی توندوتیژانـە و بـە زۆرەملێ کە زیاتـر لە لایـەن پیـاو بۆ سـەر ئافرەت ئەنجام دەدرێت، دەسـتدرێژی وشەیەکە کە کاریگەرییە وێرانکەرەکەی بۆ دەیان سـاڵ و یان بۆ چەندین وەچە دەمێنێتەوە،وشەیەک کە جەستە و دەروون وێران دەکات، کاتێک ئەو وشـەیە بە بێ سـزادان یان بێ بایەخ بمێنێتەوە، دەبێتە کولتورێکی گشـتگیر کە تێیدا توندوتیژی دەبێتە رووداوێکی ئاسایی، ئەو کاتەیە ئافـرەت بێ بایەخ و نەتەوەکان تووشی داماوی و شکان دەبن.

ئا:نەسرین حەسەن

پەخشان محەمەد: کتێبی هەگبەی کۆمەڵگە؛ کۆمەڵە چیرۆکێکن لە ناخ و قوڵایی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاون

پەخشـان محەمەد مەحمود، نوسـەرو چالاکوانی ئافرەتان هاوکات بەرپرسی رێکخراوی گەشـەپێدانی ئافرەتانی کوردسـتانە. لەبارەی بە چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی یەکەمین بەرهەمـی چاپکـراوی کـە کۆمەڵـە چیرۆکێکە بەنـاوی (هەگبـەی کۆمەڵگە)، ئەم گفتۆگۆیەمان لەگەڵیدا سازکرد.

سـەبارەت بە بەشداری کارای ئافرەتان و ژنان لە بواری نووسیندا، پەخشان محەمەد بۆچونـی وایە کە بێگومان بەردەوامبوونی ئافرەتان لە کایەی نووسـیندا ڕۆڵ و گرنگی وکاریگەری خۆی هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی ئێسـتا لـە کایەکەدا ژمارەیان ئێجگار کەمـە و ڕەنگە ئەوانیش بە هۆی زۆر ڕێگری و کلتـورەوە ڕێگرییەکی زۆر هەبووبێت لە بەردەمیاندا، ئومێد ئەکەم ئافرەتانی کورد چاونەترسـانە بێنە پێش و دەست بۆ بابەتە گرنگ و پرسە چارەنووسساز و هەستیارەکانیش بەرن و ببنە پێشەنگ لە بوارەکەدا .

پەخشـان محەمەد ئاماژە بەوە دەکات لە ڕاسـتیدا کەم نین ئەو ئافرەتانەی کە لە هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی خودی خۆیان لە نوسین، بەڵام هۆکارەکان و ڕێگرییەکان زۆرن، بە پلەی یەکەم کۆمەڵگە چونکە ئەو ئافرەتانەی خولیای نوسینیان هەیە ڕەنگە نەتوانن وەک پێویسـت ناخ و بۆچوونەکانیان دەرببڕن، بە داخـەوە هەندێجار دابونەریتیش زۆر درێغـی لە ئافرەتان کردووە. بۆیە دەکرێت ئێمە ببینە هاندەر و ئومێدبەخشـی لاوان و ئەو ئافرەتانەی بەهرەی نوسـینیان هەیە و دەیانەوێت خزمەت بە کۆمەڵگە و ئەدەبیات بکـەن، هەروەها بێگومـان بارودۆخی ئابووریش ڕۆڵی خۆی هەیە لـە کەم دەرکەوتنی ئافرەتـان چونکە کەم ئافرەت هەیە خاوەنی ئابوری خۆی بێت تا بتوانێت بەرهەمەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە و سـەردانی کۆڕ و گفتوگۆ ئەدەبییەکان بکات، زۆرینەی ئافرەتان لەم کۆمەڵگەیەدا لە ململانێیەکی قووڵدا گوزەر دەکەن .

سـەبارەت بـە کتێبی چیرۆکی (لە هەگبەی کۆمەڵگـەوە) کە لەم ڕۆژانەدا کەوتە بەردەست خوێنەران، لەم بارەوە پەخشان محەمەد دەڵێت: (هەگبەی کۆمەڵگە) لە ناخ و قوڵایی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە، بریتییە لە زۆرێک لەو تاوانە جۆراوجۆرانەی کە یەخەی کۆمەڵگـەی گرتووە، بریتییە لەو ئومێدانەی بە نییـەت و ئومێدی چرایەک لە تاریکیدا، ئومێدێک لە بێ ئومێدیدا، هیوایەک لە بێ هیواییدا هاتۆتە ئاراوە.

هەموو چیرۆکەکانی ئەم کتێبە ڕوداوی ڕاسـتەقینەن و لە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان ڕوویانداوە و ناوەکانیش بە خوازراوی بەکارهاتـوون و لە دوو توێی (١١٠) لاپـەڕەدا بە چـاپ گەیەندراوە و لە (١٥) چیرۆک پێکهاتووە و چیرۆکەکان باسـی ئەو تاوانانە دەکات کە لە ناو کۆمەڵگەدا ڕوویانداوە. بە پێشـەکی و پاشەکییەک هەوڵمداوە زیاتر خوێنەران بگەیەنمە ناو دونیای چیرۆکەکان تا کاریگەری خۆی لە ناخی خوێنەراندا بەجـێ بهێنێت، هەروەهـا بۆیە ئەم نـاوەی (هەگبەی کۆمەڵگـە) م لێناوە چونکە چیرۆکەکان هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەن و لەو هەموو کێشە و تاوانکاری و زوڵم و نادادییانە ڕوو ئەدەن کە لە ناو کۆمەڵگەوە سـەرچاوەیان گرتـووە. بێگومان چیرۆکەکانی منیش بێبەش هەر ئەو ڕووداوانەن کە لە ماڵ و شـەقام و شـارەکانی کوردستان ڕوویانداوە و چەندیان لە چوار دیواری زیندانەکانەوە دوواون و پەشـیمانی خۆیان لەو ئاکار و تاوانانە دەربڕیوە .

لە ڕووی ژانرەکانی ئەدەبییەوە بە تایبەت چیرۆک و ڕۆمان، ئافرەتان کەمتر دەنووسن یـان بۆچی ژنی کورد لە شـیعردا توانای خۆی دەبینێتەوە هەتـا ژانرەکانی دیکە، لەم لایەنەوە پەخشـان محەمەد دەڵێت: من پێچەوانەی ئەو بۆچوونەم پێم وابێت نوسـەر و بەهرەمەندی ئافرەتمان زۆر زۆرە بە تایبەتیش لە بواری چیرۆک و ڕۆمان چونکە ئافرەتان زیاتـر خولیای ئـەو بابەتانەن. بەڵام ئەوە بارو دۆخ و کۆمەڵگـە و خێزانی کورد بوون کـە ڕێگر بـوون لە دەرکەوتنی دەیان قەڵەمی ئافرەت کە ئەگـەر ئەو قەڵەمانە بواریان پێبدرایە و پیاوسالاری ڕێگر نەبوایە ئێستا دەتانبینی دەیان ئەستێرەی گەشی ناو مێژوو و ئەدەبیاتی ئاسمانی کوردی دەبوون .

هەروەهـا پەخشـان محەمەد ئاماژە بـەوە دەکات کە (هەگبـەی کۆمەڵگە) یەکەم بەرهەمیەتی و دەڵێت: خودا پشـت و پەنا بێـت بەردەوام ئەبم و هەروەها بەردەوامیش لـە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بابەت و سـەرنج و وتاری خۆم هەبـووە لە بارەی زۆر بابەت و پرسی گرنگەوە.

بەلای منەوە زۆر گرنگە نوسـەرانی ئافرەت بێنە پێشەوە و ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان بگێڕن و بە پێنووسـەکانیان گوزارشت لە کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەکەمان بکەن، چونکە ئافرەتانی کورد تا سەر ئێسقان زوڵملێکراون و دەیان بابەتی گرنگی وەک ئابوری و کۆمەلایەتی و زۆرجاریش یاسایی درێغییان کردوە لە ئافرەت و مافی ئافرەت و تەنانـەت کلتور و کۆمەڵگەیش هەر بۆیە گرنگە ئافرەتان بە جۆرەها ڕێگەی جیاواز و لە ناویاندا بە نوسین پەیامەکانی خۆیان بگەیەنن چونکە نوسین بوارێکە تایبەت نەکراوە بە پیاوان بەڵکو پێویستە خانمانیش ڕۆڵی خۆیانی تێدا ببینن .

هێلین میدیا

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
....
www.helinmedia.org

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org